کرێکارانی جیهان، یەکگرن

# ئەرکە دەستبەجێکانمان
# و
# داواکاریـیە کرێکاریـیەکان

رەوتی کۆمۆنیست

١٦ کانونی دووەم /١٩٩١

چاپی دووەم / ئازاری ٢٠٢٣ رێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

# پێشەکی چاپی دووهەمی
# (ئەرکە دەستبەجێکانمان و داواکاریـیە کرێکاریـیەکان)

زۆر خۆشحاڵم کە ئەم فرسەتەم هەیە پێشەکی چاپی دووهەمی ئەم دۆکیومێنتە پڕبایەخە بنووسم لە هەلومەرجێکی مێژوویی تازە و ئاڵوگۆڕییەکی هەمەلایەنە و گۆڕانکارییەک کە بەسەر پارسەنگی هێزی چینایەتیدا هاتووە لەسەر ئاستی جیهان و کۆمەڵگەی عێراق و هەرێمی کوردستان.

ئـەم نـامیلـکـەیـە پـلاتـفـۆڕمێکی سیـاسـی و دۆکیومێنتێکی مێژوویی پڕشنگدارە، کە کاتی خۆی (ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست)، پێش زیاتر لە (٣٢) ساڵ لەمەوبەر لە (١٦-١-١٩٩١)دا، لە چاپخانەی نهێنی ئەم ڕێکخراوە لە گەڕەکی زەرگەتە لە شاری سلێمانی بەچاپی گەیاندووە، و چەندین هەزار نوسخەی بەزمانی کوردی و عەرەبی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و هەندێ لە شارەکانی تری وەک کەرکووک و موسڵ و بەغدا و حیللە؛ لێ بڵاوکراوەتەوە. هەموو ئەمانەش لە باردۆخی سەرکوت و گرتن و کوشتوبڕی ڕژێمی بەعسی فاشیست و حەوت هەفتە پێش هەڵچوونی جەماوەریی شارەکانی کوردستان و عێراقی مارسی (١٩٩١) بەڕێوەچووە.

ئەو ترادسیۆن و ڕەگ و خەتە کۆمۆنیستی و مارکسیستییە شۆڕشگێڕانەیەی کە پێشتر لەناو (ڕەوتـی کۆمۆنیستدا) خـۆی ڕێکخستبوو و ئەم دۆکیومێنتەی کردبووە پلاتفۆڕمی سیاسی خۆی لەو چرکەساتە مێژووییەی خەبات و ڕاپەڕینی کـرێکـاران و زەحمەتکێشان و ستەملێکراوانی ئـەو کاتی کۆمەڵگەی کوردستان و عێراقدا، ترادسیۆن و خەتێکی زیندووە و خەباتکارانی دێرین و نوێی هەمان ئەم ترادسیۆن و خەتە پرۆلیتاری و مارکسیتییە بە ئەرکی خۆیان ئەزانن ئەم ئەزموونە بگوێزنەوە بۆ سەردەمی ئەمڕۆ و کەڵکی لێوەربگرن لە بارودۆخی تازەی ئێستادا. (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) کە ئەرکی بەچاپگەیاندنەوەی ئەم دۆکیومێنتەی گرتۆتەئەستۆ بۆ درێژەدان بەمێژوو و ترادسیۆنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی بەردەوامی کۆمۆنیستەکان.

ئـەم پلاتـفـۆڕمە مـن نـوسـیـوومـە و هـاوڕێـیـان نـادر عەبدولحەمید و عوسمان حاجی مارف پیایداچوونەتەوە، کە ئەو کات هەرسێکمان لە دەستەی ڕابـەری (ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست) بووین، و پێکەوە هاوڕا بووین لەسەری.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە سەدان لە هاوڕێیان و ئازیزان ئەندام و کادر و هەواداری (ڕێکخراوی ڕەوتـی کۆمۆنیست) و کەسی نزیکی خانوادەیی و چالاکوانی کۆمۆنیستی دەرەوەی ڕێکخراوەکەش بەشدار بـوون لە بڵاوکردنەوەی هەزاران نوسخە لێی لە سەرتاسەری کوردستان و شارەکانی تردا و بەبێ ئەم خەباتەی ئەوان ئەم پلاتفۆرمە نەدەبووە دۆکیومینتێکی بەربڵاو لەناو بزوتنەوەکەدا. هەروەها جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش باس بکەم کە هاوڕێیان عەبدوڵا ساڵح و سەمیرە عەبـدوڵا، بەرپرسیارییەتی چاپخانەکەیان گرتبووە ئەستۆ، هاوڕێ نەوزاد خالد (وریـا عـەبـدوڵا)ش هـاوکـاریـان بـوو لە چاپکردندا، هەروەها هاوریان مەیسون جەلال، سورەیا تاهیر، شیرین عەبدوڵا، موستەفا باهیر، گوڵاڵە مەعروف و سەلاح فتحولاش لە تایپکردن ودیزاینی لۆگۆ و لۆجیستیکی گەیاندنی ئەم

دۆکیومێنتە بە لیژنە و شانە و ڕێکخراوەکانی (ڕەوتی کۆمۆنیست) بەشداربوون.

ئەوە ڕاستییەکی مێژووییە کە ئەم پلاتفۆڕمە بوو بە ڕێنیشاندەری چالاکوانانی کۆمۆنیست و ئازادیخوازان لە هەردوو دۆخی پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین و ئایدیای شورا دروستکردنی لەوە تێپەڕاند کە هەر تەنها ئایدیایەکی گشتی بێت لەناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەو کاتدا. هەروەها ئەم پلاتفۆڕمە باس لە دامەزراندنی شوراکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان ئەکا و بۆ ئەم پلاتفۆڕمە بزووتنەوەی شورایی زیاتر بزووتنەوەی ئەم چین و توێژەیە و ئەمانن کە ئەتوانن بڕبڕەپشتی بزووتنەوەی شورایی جەماوەری بن.

هەروەک ئەبینیین ئەم پلاتفۆڕمە پێش هەڵچوون و ڕاپەرینی جەماوەری ئازاری (١٩٩١) نوسراوە و ڕاشکاوانە پێشبینی ئەو ڕوداوە جەماوەرییە ئەکات، بەڵام ئەرکە دەستەبەجێیەکانی دابەش کردووە بەسەر دوو قۆناغی تاکتیکی جیاوازدا کە دۆخی پێش ڕاپەڕین و دۆخی ڕاپەڕین و دواتریەتی. هەر لەم ڕاستایەدا پاش ئەوەی دۆکیومێنتەکە قۆناغەکانی هەڵچوونی جەماوەریی، لە ڕوانگەی سیاسی و ئایدیۆلۆجی سەربەخۆی پرۆلیتاریای ئەوکاتی کۆمەڵگەوە، هەڵسەنگاندووە، ئەرکی تایبەتی هەر قۆناغێکیشی وەک کاری دەستبەجێی کۆمۆنیستەکان و چالاکوانانی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست دەستنیشان کردووە. ئەمەش لە هەلومەرجی جەنگی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا بۆسەر عیراق کە سیاسەت و ستراتیژی دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئەمریکا بوو بۆ شکڵدان بەنەزمی نۆیی جیهانی لەژێر سایەی بورژوا ئەمیپریالیستی ئەمریکا و ڕۆژئاوادا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە (ئەرکە دەستبەجێکانمان) نەچووەتە سەر شیکردنەوەی زیاتری ئەو جەنگە و ڕیسواکردنی سیاسەت و ستراتیژێک کە لەپشتییەوە وەستابوو؛ بۆ شکڵدان بە سیستمێکی کۆنەپەرستی ئیمپریالیستی جیهانی، بەڵام دژایەتی خۆی بە ڕووی ئەم جەنگەدا دەربڕیوە و خواستی ڕوونەدانی جەنگی وەک ئارەزوو و ویستی جەماوەر باسکردووە و بە دژی هەموو ئەو هێزانە وەستاوەتەوە کە بە کرداری ستراتیژیەتی خۆیان بەم جەنگەوە بەستبووەوە وە؛ بە تایبەت ناسیۆنالیزمی کورد.

خاڵی گەوهەری و پرشنگداری ئەم دۆکیومێنتە ئەوەیە کە پلاتفۆڕمێکی سیاسی چینایەتی ڕوون و ئاشکرای بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریای کۆمۆنیست و ترادسیۆنەکەیەتی لەبەرامبەر سەرجەم ڕەوت و هێزەکانی بورژوازی و ئاسۆیان و ئەیەوێت ئەم بزوتنەوەیە و هێزی چینایەتی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەرتاسەری عێراق و خەباتیان بەرەوپێش بەرێت و نەهێڵێت بە لاڕێدا ببریت و لە هەوڵدایە ئیرادەی سیاسی خۆیان لە بزووتنەوەیکی بەهێزی کۆمەڵایەتی کۆمۆنیستی و هەروەها لە فۆرمی شوراکانیاندا یەک بخەن و ڕابەری بزووتنەوەی شورایی بن لە کۆمەڵگەدا.

لە هەلومەرجی ئەو کاتی کوردستاندا، ناسیونالیستەکانی وەک خەتی عەبدوڵای موهتەدی ناو «حزبی کۆمۆنیستی ئیران» و «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران «، مەیلی نەتەوەیی و ئامانج و ئاسۆی ناسیونالیستی بورژوازی کوردییان بە ئاشکرا لەخۆنیشاندا و هەورەها بە شێک لە ناو خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناو ئەو حزبە، کە زۆربەمان لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی ئەو کات لە عێراقدا لە گەڵ ئەم خەتەدا بووین، تەنها سێ بزووتنەوە و هێزیان ئەبینی لەناو ڕووداوەکانی ئەو کاتی کوردستاندا ئەویش «ئەمریکا و بەعس و ناسیۆنالیزمی کورد» بوو، و نەیانتوانی بزووتنەوەیەکی تری کۆمەڵایەتی ڕەچاو بکەن کە کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی شورایی بوو.

بە پێچەوانەی ئەو خەتە ناسیونالیستییە و هەروەها لەگەڵ هەر ناڕۆشنییەکیش کە خەتی کۆمۆنیزمی کرێکاری ناو ئەو حزبە هەیبوو بەرامبەر ڕەوەندی خەباتی چینایەتی کرێکاران و بزوتنەوەی موشەخەسی کۆمۆنیستی

ئەو کات لە کوردستانی عێراقدا، (ڕێکخراوی ڕەوتی کۆمۆنیست) ئەم پلاتفۆرمە پرۆلیتارییە کۆمۆنیستییەی کردبووە بەرنامەی کاری خۆی و کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی شورایی ببوونە هێزێکی چینایەتی و جەمسەرێکی کارامەی لە مەیداندابوو لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. نەک هەر ئەمەش بەڵکو کۆمۆنیزم وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سەریهەڵدابوو وە ڕاوەستابووەوە بەرامبەر ناسیۆنالیزم و ئاسۆ و ترادسیۆن و شێوەکاری سیاسیان و لە کێشمەکێشێکی توندوتیژدا بوو لەگەڵیاندا لەسەر چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردستان.

جێگەوڕێگەی ئەم دۆکیومێنتە لەناو ئەم کێشمەکێشە چینایەتییەی کۆمۆنیزم و پرۆلیتاریادایە بەدژی بورژوازی و ڕەوت و هێزەکانی و بەشێکە لە مێژووی ئەم کێشمەکشە بەردەوامە و هەر بەو پێیەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئێستامانەوە هەیە. ئەوە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە کە کرێکاران و بەهەژارکراوان و ستەملێکراوانی نەوەی ئەمڕۆ بناسێنن بەو مێژووە پرشنگدارە کۆمۆنیستی و ئینتیرناسیۆنالیستییە کە سەروسیمای کۆمۆنیزم بوو بەتایبەت لەو دەورانەدا لە هەرێمی کوردستان.

لە کۆتاییدا یادی هەموو گیانبەختکردووانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی شورایی بەرز ڕائەگرم و جەخت لەسەر ئەوە ئەکەمەوە کە وەفاداری بۆیان درێژەدانە بەخەباتی بێوچانمان لە پێناوی سوشیالیزم و ئازادی ڕەهای ئینسانەکان و ڕزگاربوونیان لە کۆتوبەندی سیستمی چینایەتی سەرمایە و سەرمایەداری.

**موئەیەد ئەحمەد**

**٣ ی نیسانی ٢٠٢٣**

# ئەرکەدەستبەجێکانمان و داواکاریـیە کرێکاریـیەکان

سەرمایەدارانی ئەمریکا و عێراق و دەوڵەتەکانیان دەیانەوێت بمانخەنە دۆزەخی یەکێک لە کوشندەترین جەنگەکانی دنیای سەرمایەوە، دۆزەخی جەنگی کیمیاوی و ئەتۆمی بورژوازی. ئەمریکا بۆ پاراستنی مەوقعییەتی گەورەهێزیی خۆی لە جیهاندا و ڕژێمی بەعسی دڕندە و صەدامی خوێنڕێژیش بۆ جێگیرتر کردنەوەی حاکمییەتی ئیستبدادی و عەسکەرییان، هاتوونەتە سەر چنگ و بەسەدان هەزارمان لێ دەدەن بەکوشت.

بۆرژوازی عێراق و دەوڵەتەکەی هەتا ئێستا دریغییان نەکردووە لەشکاندنەوەی وەزعی ئابووری تێکشکاوی سەرمایەداری عێراق بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشاندا، دریغییان نەکردووە لەداسەپاندنی چەوساندنەوە و هەژاری و برسییەتی و بێکاریی لەڕادەبەدەر بەسەرماندا و توانیویانە ڕیزی ملیۆنەهامان بخەنەبەردەم نەخۆشی و برسییەتی و بێکاری و بێگوزەرانییەوە، توانیویانە سەدان هەزارمان لێ بدەن بەکوشت لە جەنگی کۆنەپەرستانەی عێراق و ئێراندا، ئێستاش بەمە ڕاناوەستن و دەیانەوێت مەئساتێکی تری ئینسانی گەورەشمان بەسەردا بهێنن، ئەمەڕێگە چارەو ئیدارەی بۆرژوازی و ڕژێمی بەعسە بۆ کۆمەڵگە، ئەمە واقعییەتی حاکمییەتی سەرمایە و سەرمایەدارییە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئینسان لەکۆمەڵگەدا.

بێزاری و نارەزایەتی ملیۆنەها کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم وڵاتە بەرامبەر تەواوی ئەم وەزعەهەر ئێستا لەو پەڕیدایە و خواستی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی سەرمایەداران و بەرپانەبوونی جەنگ؛ بووەتە خواستێکی گشتییان، لە هەمان کاتیشدا ڕژێمی ئیستبدادی و عەسکەری بەعس لە لایەک ڕووبەڕووی برسییەتی و هەژاری و بێکاری ملیۆنەها ئینسانی زەحمەتکێشی عێراق و بێزاری و ئیعترازیانە و لەلایەکی دیکەوە دەرگیری مغامەرەی جەنگێکی گەورە و بێسەروشوێنە، ئەم هەلومەرجەوەزعی شۆڕشگێرانەی لەسەرئاستی وڵات هەرچی زیاتر پەرەپێداوە. لەم دەورەیەدا چینی کرێکار و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکار ڕووبەڕووی ئەرک و وەزیفەی مێژوویی بوونەتەوە.

بەرپابوونی بزووتنەوەیەکی کرێکاری کۆمۆنیستی بەهێزە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەکە دەتوانێ هەر ئێستا ڕابەری بەسەرکەوتن گەیاندنی ئالوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بێت لە کۆمەڵگەدا،ڕابەر و ڕێکخەری خەباتی چینایەتی کرێکار بێت بۆ دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری و سۆشیالیزم، ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و شۆڕشگێڕانەی ملیۆنەها کرێکار و زەحمەتکێش بێت لە چنگی موسیبەتەکانی سەرمایەداری ئەزمەگرتوو و گەندەڵی عێراق لەچنگی دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی و جەنگ و جەنگخوازییەکانی لە چنگی هێز و حیزب و تاقمە سیاسییەکانی بۆرژوازی.

* * *

بۆ ئەوەی سۆشیالیزمی کرێکار بتوانێت هەرچی لێهاتووانەتر ڕابەرایەتی و ڕێکخستنی خەباتی چینایەتی کرێکار ئەنجام بدات، دەبێ هەرچی زووتر و لێبراوانەتر کەموکوڕییە سیاسی و عەمەلی و ڕێکخراوەییەکانی خۆی وەک حیزبێکی بەرینی کۆمەڵایەتی کرێکار وەلانێت. لەم بوارەدا ڕووبەڕووی ئەم ئەرکانەین:

١-گەشەدان بە لایەنەکانی یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوونی ڕیزی کرێکارانی کۆمۆنیست.

٢-ئینسجام پێکردنی هەرچی زیاتری هەوییەتی سیاسی و فیکری مارکسیستانەی ئەم بزووتنەوەیە.

٣-بەرەو پێشبردنی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی کرێکار بەرەو پێکهێنانی حیزبی سیاسی مارکسیستی خۆی.

٤-بەهێزکردن و بەرینکردنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە دەروونی چینی کرێکاردا.

٥-بەرجەستە کردنەوەی هەرچی زیاتر ئینتەرناسیۆنالیزمی ئەم بزووتنەوەیە.

بەو ئەندازەیەی کە ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی کرێکار ڕیزی حیزبیی خۆی پەرەپێ دەدات، بەو ئەندازەیەش لێهاتوویی بۆڕابەرایەتی و ڕێکخستنی خەباتی چینایەتی کرێکار دەچێتەسەر، وەزیفەی هەر کرێکارێکی کۆمۆنیستە لەهەمان کاتدا کەهەڵسوراوەیی کۆمۆنیستی خۆی لە شوێنی چالاکی خۆیدا دەباتە پێشەوە لەناو جەماوەری کرێکاردا، دەبێ لەهەوڵی بەرەو پێش بردنی یەکگرتوویی کۆمۆنیزمی کرێکاری بێت لە حیزبێکی سیاسی مارکسیستی سەراسەریدا.

## وەزیفەی کرێکارانی کۆمۆنیست و ڕابەرانی عەمەلی کرێکاران لەم دەورەیەدا

لە دەورەی ئێستادا و لە بواری بەهێزبوون و پەرەپێدانی بزووتنەوەی کرێکاری و ڕاپەڕینی سەرتاسەری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، هەڵسوراویمان پەرەدانە بەبزووتنەوەی کرێکاری بۆ ئاستی بزووتنەوەیەکی سەراسەری لە دەوری خواستە ئابووری و سیاسیە کرێکارییەکان، ڕابەرایەتی و ڕێکخستنی ئیعتراز و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانە بە ڕووی هەژاری و برسییەتی و بێکاریدا، بەڕووی جەنگ و جەوی جەنگ و ڕژێمی بەعسدا و پەرەدانە بەم خەباتە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەعس.

بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم بزووتنەوەیە ڕووبەڕووی ئەم ئەرکانەی خوارەوەین:

١-خەبات بۆ دەرکردنی گیانی چاوەڕوانی لەنێو جەماوەری کرێکاراندا، دەست بەکار بوون لەمەیدانی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان لەکارگە و مەحەلە و یەکەئابووریەکاندا و بەرین کردنەوەیان بۆ ئاستی کۆبوونەوەی گشتی کرێکاران. بۆ باسکردنی سەرجەمی وەزع و ڕێکەوتن لەسەر نەخشەی عەمەلی بۆ ئیعتراز و مانگرتن بەدژی هەژاری و چەوساندنەوەی وەحشییانەیان و بێکارکردنیان و بەدژی بێمافی کۆمەڵایەتی و سیاسییان و بەدژی ڕژێمی بەعس و مەئساتەکانی جەنگ و جەنگخوازی ئەم ڕژێمە.

٢-هەڵسورابوون بۆپێکهێنانی پەیوەندی تووندوتۆڵی نێوان ڕابەرانی عەمەلی کرێکاران لەسەر ئاستی شار و ڕێکەوتن لەسەر نەخشەی هاوبەش و داواکاری و شیعارەکانیان و دەست بەکاربوون و وەڕێخستنی بزووتنەوەی کۆبوونەوە گشتییەکان لەسەر ئاستی شار، هەڵبژاردنی نوێنەرانی کرێکاریی لەم کۆبوونەوە گشتییانەداکە پەیوەندی ئیعترازی عەمەلی کرێکاران لەیەکە ئابوورییەکان و کارخانەکان و گەرەکەکاندا ڕێکبخات و ڕابەرایەتییەکی مەرکەزی پێکبهێنێ لەسەر ئاستی شار.

٣-هاندان بۆپێکهاتنی شورای کرێکاریی لە گەڕەکە کرێکارییەکان و کارگەکان و یەکە ئابوورییەکاندا کە ببێتە شێوەیەکی بناغەیی ڕێکخراوبوونی جەماوەری کرێکاران و جێگیر ببێت و بەسەر دەوڵەتا بسەپێنرێ.

٤-خەبات بۆ پەیوەند گرتنی شوورا کرێکارییەکان و نوێنەرانی هەڵبژاردەی کۆبوونەوەی گشتییەکانی

کرێکاران لە نێوان شارەکاندا و خەبات بۆ وەڕێخستنی بزووتنەوەی کۆبوونەوە گشتییەکان و شوورا کرێکارییەکان لەسەر ئاستی وڵات.

٥-بەرین کردنەوە و بەرەو پێشبردنی خۆڕێکخستنی کرێکاران لەهەر ڕێکخراوەیەکی کرێکاریی سەربەخۆدا.

٦-کرێکارانی کۆمۆنیست دەبێت خەبات بکەن بۆ جێگیرکردن و بەهێزکردنی نفوزی سیاسی و مەعنەویان لە دەروونی شوورا و ڕێکخراوە کرێکارییەکاندا.

٧-پەرەپێدانی چالاکی کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان، هەڵسوراوکردنیان لە مەیدانی ڕێکخستن و ئیعترازی کرێکارانی بێکار و زەحمەتکێشان بەڕووی هەژاری و بێکاری و عەسکەرتاریەتدا و خەبات بۆ وەلانانی گیانی چاوەڕوانی لە نێوانیاندا. هاندان بۆ پێکهاتنی شوورای زەحمەتکێشان.

٨-ڕێکخستن و ڕابەرایەتی ئیعترازی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەکارگە و گەڕەک و یەکە ئابووریەکاندا... و لەسەر ئاستی شار و ناوچەکان بەدژی هەژاری و برسییەتییان، وەڕێ خستنی ئەم ئیعترازانە لەشکڵە جۆراوجۆرەکانیاندا لە مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبوونەوە لەبەردەم دەستگا دەوڵەتییەکان، نەخشە دانان بۆهێرش بردنە سەر مەخزەنەکانی خواردەمەنی دەوڵەت و دەوڵەمەندەکان و دابەشکردنی بەسەرجەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشاندا.

٩-ئیعتراز بە ڕووی هەر دەرکردنێک لەسەرکار لە لایەن دەوڵەت و سەرمایەدارانەوە و بەرز کردنەوەی خواستی «دەرکردن لەسەرکار قەدەغەیە» و فەرزکردنی بەسەریاندا.

١٠-خەبات بۆبەرزکردنەوەی خواستی بیمەی بێکاری لەنێو کرێکارانی بێکار و زەحمەتکێشاندا و ڕێکخستن و ڕابەرایەتی ئیعترازی کرێکارانی بێکار و زەحمەتکێشان لەم مەیدانەدا و پەرەپێدانی پەیوەندی نێوان بزووتنەوە ئیعترازییەکانی بێکاران لەسەر ئاستی شارەکان و ناوچەکان و سەراسەریی.

١١-هاندانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ فیرارکردن و نەچوون بۆ عەسکەری و جەیش شەعبی و ڕێکخستنی ئیعترازیان بەڕووی یاساوڵەکانی ڕژێمدا و هەڵمەت بردنە سەریان.

١٢-پاراستنی ڕیزی سەربەخۆی کرێکاران، شێوەکار و ڕێکخراوە کرێکارییەکان لەچینە داراکانی بورژوازی، وورده بورژوازی و ڕۆشنفکرانی ناڕازی، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی - چینایەتی جەماوەری کرێکار.

١٣-ڕیسواکردنی ئامانج و سیاسەت و ئاسۆی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی بۆرژوازی و حیزب و هێزە سیاسی و چەکدارەکانیان، ڕوونکردنەوەی سروشتی چینایەتی ئەم بزووتنەوانە و دژایەتییان بەرامبەر ئامانج و ئاسۆ و خواستی کرێکاران و زەحمەتکێشان لەنێو جەماوەری هەرچی بەرینتری کرێکاران و زەحمەتکێشاندا. لەم بوارەدا دەبێت هەرچی لێبراوانەتر و بە شێوەیەکی بەرینتر و قووڵتر، قەومییەت پەرستی و ئیسلام و دیموکراتییەتی بۆرژوازی و پەرلەمانییەت ڕیسوا بکرێت، ئیصلاحییەتی بۆرژوازی و لیبرالیزمی نوێش ڕیسواکرێن و نەهێڵرێت ئەم حەرەکاتە سیاسییانە بەر بە چالاکی و هەڵسوڕاوی کرێکاران بگرن و کاریگەری لەسەر پرژوبڵاویان هەبێ.

١٤-هاندانی چەکداربوونی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەخشەدانان و گفتوگۆ لە دەروونی کۆڕ و کۆمەڵە کرێکارییەکان و کۆبوونەوەگشتییەکانی کارگە و یەکە ئابوورییەکان و گەڕەکەکاندا لەسەر چۆنییەتی چەکداربوونیان و بەدەستەوەگرتنی ئەو شوێنانە. هەر لەئێستاوە دەست نیشانکردنی نەخشەی عەمەلی بۆ ئەو کارە و خۆئامادەکردن بۆی.

# ئەرکەکانمان لە بارودۆخی ڕاپەڕینی گشتیدا

١- ڕێکخستن و پێکهێنانی دەستبەجێی شوورا کرێکارییەکان لەسەر ئاستی کارگە و یەکە ئابووری و کارگوزارییەکان و گەڕەک و شارەکاندا و پەرەپێدانیان بۆ بزووتنەوەیەکی شوورایی سەراسەری و مەرکەزی لە تەواوی وڵاتدا.

٢- هەوڵ بۆ پێکهێنانی شوورای زەحمەتکێشان و پەیوەست کردنیان بە بزووتنەوەی شوورایی کرێکارانەوە.

٣- پێکهێنانی شوورای کرێکاران و زەحمەتکێشانی لادێ و پەیوەست کردنەوەیان بە شوورای کرێکارانی شارەوە.

٤- خەبات بۆ چەکداربوونی گشتی کرێکاران و زەحمەتکێشان، خەبات بۆ پەرەپێدان و بەرینکردنەوەی بزووتنەوەی چەکدارانەی کرێکار و زەحمەتکێشان و ڕابەرایەتیکردنی ئەم بزووتنەوە چەکدارانەیە لە لایەن شوورا کرێکارییەکانەوە.

٥- خەبات بۆ ئەوەی کۆمیتە و شوورا کرێکارییەکان دەستگرن بەسەر کارگەکان و یەکە ئابووری و دەستگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەتیدا و دەست بەسەراگرتنی بانک و مەخزەنەکانی شتومەکی بەکاربردن و بەرهەمهێنان لە لایەن کرێکارانەوە و تەسلیم کردنیان بە شوورای کرێکاران لە شارەکاندا.

٦- پەرەدان بە جەوی شۆڕشگێرانە و هەڵچوون و هێرشی تێکشکێنەرانەی کرێکار و زەحمەتکێشان، وەستانەوە بەدژی هەر حیزب و هێز و تاقمێک کە بیەوێت ڕەوتی ڕووداوەکان هێمن بکاتەوە و گیانی چاوەڕوانی بڕوێنێ یان ڕێگە بگرێت لەبەردەم هێرشی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا بۆ سزادانی تاوانباران.

لە کوردستان ئەم مەسەلەیە بایەخێکی گرنگی هەیە بە تایبەت کە هێز و حیزبە قەومییە چەکدارەکانی کوردستان بەناوی کورد و کوردزمانییەوە ڕێگە بەم جۆرە کارانە دەگرن و تاوانباران لە دەوری خۆیان کۆ دەکەنەوە.

٧- بەرەو پێشبردنی ڕاپەڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بەڕووی تەواوی دەستگای دەوڵەتیی بورژوازیدا و بەڕووی ڕژێمی بەعسی تاوانباردا، وەرێخستنی ڕاپەڕینی چەکدارانەیان بۆ ڕووخاندن و تەفروتوناکردنی ڕژێمی بەعس و دەوڵەتی بۆرژوازی.

٨- کرێکاران لایەنگری شۆڕشی بێ وچانن، تا کۆمەڵگە هەرچی ڕیشەیی تر و شۆڕشگێرانەتر ئەم قۆناغە تێپەڕێنێ و بوار نەدرێت لە حاڵەتی ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا بۆرژوازی دەسەڵاتی خۆی ڕێکخاتەوە و دەوڵەتی مەرکەزی جێگیر بکاتەوە و حیزب و هێزە سیاسیەکانی بۆرژوازی خۆیان بەهێز بکەن بەو ئەندازەیەش دەسەڵاتی بۆرژوازی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە تووشی لەرزۆکی دەبێت و ڕێگە خۆش دەبێت بۆ هەرچی بەرەو پێشتر چوونی بزووتنەوەی کرێکاری و حاکمیەتی شوورا کرێکاریەکان. کرێکاران دەبێت نەهێڵن ئەو شۆڕشەی کە دەست پێدەکات بووەستێ، ئەو شۆڕشە دەبێ لە قۆناغی یەکەمیدا تەواوی دامودەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی تێکشکێنێ بە سوپای پیشەیی و پۆلیس و ئیستخبارات و موخابەرات و هەر هێزێکی چەکداری تایبەتیەوە و بە بوروکراسی دەوڵەتی و دادگاکانیەوە، لە جێگەیدا حکومەتی شوورایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەکداربوونی گشتی دابمەزرێنێ تا لەسەر ئەم بنەمایەوە دەسەڵاتداریەتی خەڵک لەسەر بنەمای دیموکراسی شوورایی جێبەجێ بکرێت.

## داواکاریـیە کرێکاریـیەکان

تـەواوی داواکـاریـیـە ئـابـووری و کۆمەڵایەتی و سیـاسـی و فـەرهـەنـگـیـیـەکـانـی کـرێـکـاران پێویستە بکرێنە شیعار و خواستە گشتییەکانی بـزووتـنـەوەی کـرێـکـاری و بـەسـەر بـۆرژوازیـدا فـەرز بکرێن و ڕەسمییەت و قانوونییەتیان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە پێبدرێ. هەر ئێستا وەرێخستنی بزووتنەوەیەکی کرێکاری سەراسەری بۆ ئەم خواستانە ئەرکی کرێکارانی خەباتکار و کۆمۆنیست و ڕابـەرانـی عەمەلییە. ئەمانەی خوارەوە بە شێکن لەوداواکارییانە.

## داواکاریـیە ئابووری و کۆمەڵایەتیـیەکان

١-مـافـی بـێ قـەیـد و شـەرتـی ڕێکخراوبـوونـی کرێکاران.

٢-مافی بێ قەید و شەرتی مانگرتنی کرێکاران.

٣-٣٥ سەعات کار لەهەفتەدا بە دوو ڕۆژ پشووی لەسەریەکەوە.

٤-٤٥ ڕۆژ پشووی ساڵانە بەسەریەکەوە بۆ هەر کرێکارێک جگە لە ئیجازەی پێویست و ئیجازەی نەخۆشی.

٥-دیـاری کـردنـی لانـی کـەمـی کـرێ لـە لایـەن نوێنەرانی هـەڵـبـژاردەی کـرێـکـارانـەوە لەسەر بنەمای خێزانی پێنج نەفەری و ڕێژەی گرانی کە گونجاو بێت بۆ ژیانی ئینسانێکی هاوچەرخ.

٦-کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو بەرامبەر بەکاری یەکسان.

٧-تـەعویزی بێکاری لەسەر پایەی لانی کەمی کرێ بۆ هەر بێکارێکی سەروو ١٨ ساڵ.

٨-کاری منداڵان قەدەغەیە و بۆ هیچ کەس نییە کەسێکی خوارتر لە ١٨ ساڵ بخاتەژێر کارەوە.

٩-دەرکردن لەسەر کار قەدەغەیە.

١٠-زیادە کاری و شەوکاری قەدەغەیە.

١١-فەرق کردنی کرێکاران لەسەر بنەمای نەتەوە و دیـن و وڵات ... هتد لـە تـەواوی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و لە کارکردن و کرێ و مافەکانی تردا قەدەغەیە.

١٢-هەلومەرجی کارکردن دەبێ باری تەندروستی تەواوی هەبێت. پێویستە مواسەفاتی جیهانی بۆ دوورخستنەوەی خەتەر لەسەر کرێکاران لە شوێنی کاردا ئەنجام بدرێ. دەوڵـەت و سەرمایەداران لێپرسراون لـە هـەر کـارەسـاتـێـک کـە بەسەر کرێکاردا دێت لە کاتی کارکردندا.

١٣-دابین کردنی خانووی باش بۆ هەموو کەس.

١٤-.......

## داواکارییە سیاسیەکان

١-ئـازادی بێ قەید و شەرتی سیاسی، ئازادی بیر و بـاوەڕ و دەربـڕیـن، چاپەمەنی، ئـازادی کۆبوونـەوە، مانگرتـن، خۆپیشاندان، ئـازادی پێکهێنانی هەر جۆرە ڕێکخراوەیەکی سیاسی و پیشەیی و جەماوەری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی، هەر جۆرە یەکێتییەک و نەقابەیەک.

٢-مـافـی بێئەملاوئەولای هـەر ئینسانێکە کە بەشداری ڕاستەوخۆ و ئازادانە بکات لە چارەنووسی سیاسی کـۆمـەڵ و چۆنییەتی بەڕێوەبردنیدا. کاروباری وڵات لەسەرەوە تا خوارەوە دەبێ لە لایەن ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانی خەڵکەوە بە بەشداربوونی ڕاسـتـەوخـۆی خـودی ئـەو خـەڵـکـە

بەڕێوە ببرێ.

٣-سوپای عێراق و هێزە چەکدارە تایبەتییەکان (لەچەشنی جاشیەتی و جەیشی شەعبی و قوات خاصە) دەبێ هەڵوەشێنرێنەوە و نەمێنن.

٤-تەواوی دەزگا جاسوسیی و سەرکوتگەرەکان (ئەمن، ئیستخبارات، مخابرات) و تەواوی دادگا نهێنی و تایبەتییەکان دەبێ هەڵوەشێنرێنەوە و نەمێنن.

٥-جیایی دین لەدەوڵەت. هیچ دینێک نابێ بەدینی ڕەسمی وڵات بناسرێ. هەموو کەسێک ئازادە هەر جۆرە دینێک هەڵبژێرێت یان بێ دین بێت.

٦-مافی دیاری کردنی چارەنووس، مافی بێ ئەملاوئەولای هەر میللەتێکە. میللەتی کورد دەبێت ئازاد بێت لەدیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیدا بەهەر شێوەیەک، بەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ یان یەکێتیی ئازادانە لەگەڵ میللەتەکانی تری دانیشتووی عێراقدا.

٧-ژنان لەهەموو مەیدانێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە مەیدانی بەرهەمهێنان، خێزان، وە لە هەموو مەیدانێکی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیریدا دەبێ لەگەڵ پیاوان مافی یەکسانیان هەبێ.

٨-بەردانی دەستبەجێی هەموو زیندانیانی سیاسی. هیچ کەس نابێ بەهۆی سیاسیبوونییەوە یان لەژێر ناوی تێکدانی ئاسایشی دەوڵەت و تەخریب دژی دەوڵەت بگیرێت.

٩-هەموو کەس دەبێت ئازاد بێ چەکی هەبێ و چەک هەڵبگرێ.

١٠-کۆچپێکردنی زۆرەملێی خەڵک، بە تاک تاک بێ یان بە کۆمەڵ، قەدەغەیە. هەموو کەس بۆ هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوونی خۆی و سەفەر بۆهەر شوێنێک بەتەواوی ئازادە. هەر کەس خۆی و شوێنی ژیانی دەبێ پارێزراو بێت لە هەر دەست درێژییەک و ئیهانەیەک.

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری**

**ڕەوتی کۆمۆنیست**

**١٦ کانونی دووەم / ١٩٩١**

تێبینی : لەکاتی تایپکردنی ئەم دۆکیمێنتە دەستکاری ڕێنووسەکەیمان کردووە و هاوردوومانەتە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆ

# کریکارانی جیهان ، یەکگرن!

## ئەرکە دەستبەجیکانمان ، و داواکاریە کریکاریەکان

سەرمایەدارانی ئەمریکا و عیراق و دەولەتەکانیان دەیانەویت بمانخەنە دوزەخی یەکیك لە کوشندە- ترین جەنگەکانی دنیای سەرمایەوە ، دوزەخی جەنگی کیمیاوی و ئەتومی بورژوازی . ئەمریکا بو پاراستنی مەوقعیەتی گەورە هیزی خوی لە جیهاندا و رژیمی بەعسی درندە و صدامی خوینریژیش بو جیگیرتر- کردنەوەی حاکمیەتی ئیستبدادی و عەسکەریان ، هاتونەتە سەر جەنگ و بە سەدان هەزارمان لی دەدەن بە کوشت .

بورژوازی عیراق و دەولەتەکەی هەتا ئیستا دریغی یان نەکردووە لە شکاندنەوەی وەزعی ئابووری تیکشکاوی سەرمایەداری عیراق بەسەر کریکاران و زەحمەتکیشاندا ، دریغی یان نەکردووە لەداسەپاندنی چەوساندنەوە و هەژاری و برسیەتی و بیکاری لەرادەبەدەر بەسەرماندا و توانیویانە ریزی ملیونەهامان بخەنە بەردەم نەخوشی و برسیەتی و بیکاری و بی گوزەرانی یەوە ، توانیویانە سەدان هەزارمان لی بدەن بەکوشت لە جەنگی کونەپەرستانەی عیراق و ئیراندا ، ئیستاش بەمەوە ناوەستن و دەیانەویت مەئساتیکی تری ئینسانی گەورەشمان بەسەردا بهینن . ئەمە ریگەچارە و ئیدارەی بورژوازی و رژیمی بەعسە بو کومەلگە ، ئەمە واقعیەتی حاکمیەتی سەرمایە و سەرمایەداریە بەسەر ژیانی کومەلایەتی ئینسان لە کومەلگەدا .


بیزاری و نارەزایەتی ملیونەها کریکارو زەحمەتکیشی ئەم وولاتە بەرامبەر تەواوی ئەم وەزعە هەر ئیستا لەو پەریدایەو خواستی روخاندنی رژیمی بەعسی سەرمایەداران و بەرپانەبوونی جەنگ بووەتە خواستیکی گشتی یان ، لەهەمان کاتیشدا رژیمی ئیستبدادی و عەسکەری بەعس لەلایەك رووبەرووی برسیەتی و هەژاری و بیکاری ملیونەها ئینسانی زەحمەتکیشی عیراق و بیزاری و ئیعترازیانە و لەلایەکی دیکەوە دەرگیری مغامەرەی جەنگیکی گەورەو بی سەر و شوینە ، ئەم هەل‌ومەرجە وەزعی شورشگیرانەی لەسەر ئاستی وولات هەرچی زیاتر پەرەپی داوە . لەم دەورەیەدا چینی کریکارو بزووتنەوەی کومونیستی کریکار رووبەرووی ئەرك و وەزیفەی [illegible] بوونەتەوە .

بەرپابوونی بزووتنەوەیەکی کریکاری کومونیستی بەهیزە لەسەر ئاستی کومەلگە کە دەتوانی هەر ئیستا رابەری بەسەرکەوتن گەیاندنی ئالوگوری شورشگیرانە بیت لە کومەلگەدا ، رابەرو ریکخەری خەباتی چینایەتی کریکار بیت بو دامەزراندنی حکومەتی کریکاری و سوشیالیزم ، رابەری بزووتنەوەی رزگاری خوازانەو شورشگیرانەی ملیونەها کریکارو زەحمەتکیش بیت لە جەنگی موسیبەتەکانی سەرمایەداری ئەزمەگرتوو وگەندەلی عیراق لە جەنگی دەسەلاتی سیاسی بورژوازی و جەنگ و جەنگخوازیەکانی لە جەنگی هیزو حیزب و تاقمە سیاسیەکانی بورژوازی .

* * *

بو ئەوەی سوشیالیزمی کریکار بتوانیت هەرچی لیهاتوانەتر رابەرایەتی و ریکخستنی خەباتی چینایەتی کریکار ئەنجام بدات دەبی هەرچی زووترو لیبراوانەتر کەم وکوریە سیاسی و عەملی و ریکخراوەییەکانی خوی وەك حیزبیکی بەرینی کومەلایەتی کریکار وولانیت . لەم بوارەدا رووبەرووی ئەم ئەرکانەین :-

١- گەشەدان بەلایەنەکانی یەکگرتوویی و ریکخراوبوونی ریزی کریکارانی کومونیست .
٢- ئینسجام پی کردنی هەرچی زیاتری هەویەتی سیاسی و فکری مارکسیستانەی ئەم بزووتنەوەیە .
٣- بەرەو پیشبردنی ئەم بزووتنە کومەلایەتیەی کریکار بەرەو پیکهینانی حیزبی سیاسی مارکسیستی خوی .
٤- بەهیزکردن و بەرینکردنەوەی کومونیزمی کریکاری لە دەروونی چینی کریکاردا .
٥- بەرجەستەکردنەوەی هەرچی زیاتر ئینتەرناسیونالیزمی ئەم بزووتنەوەیە .



٢

بەو ئەندازەیەی کە ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەی کرێکار ڕیزی حیزبی خۆی بەرە پێ دەدات ، بەو ئەندازەیەش لێهاتوویی بۆ ڕابەرایەتی و ڕێکخستنی خەباتی چینایەتی کرێکار دەچێتە سەر. وەزیفەی هەر کرێکارێکی کۆمونیستە لەهەمان کاتدا کە هەڵسوراوێکی کۆمونیستی خۆی لە شوێنی چالاکی خۆیدا دەمانە پێشەوە لەناو جەماوەری کرێکاردا دەبێ لە هەوڵی بەرەو پێش بردنی یەکگرتوویی کۆمونیزمی کرێکاری بێت لە حیزبێکی سیاسی مارکسیستی سەراسەریدا .

وەزیفەی کرێکارانی کۆمونیست و ڕابەرانی عەمەلی کرێکاران لەم دەورەیەدا .

لە دەورەی ئێستادا و لە بواری بەهێزبوون و پەرەپێدانی بزووتنەوەی کرێکاری و ڕاپەڕینی سەراسەری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش ،هەڵسوراویمان پەرەدانە بە بزووتنەوەی کرێکاری بۆ ئاستی بزووتنەوەیەکی سەراسەری لە دەوری خواستە ئابووری و سیاسیە کرێکاریەکان ، ڕابەرایەتی و ڕێکخستنی ئیعتراز و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانە بەرەوی هەژاری و برسێتی و بێ کاریدا ، بەرووی جەنگ و جەوی جەنگ و ڕژێمی بەعسدا و. پەرەدانە بەم خەباتە بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەعس.

بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم بزووتنەوەیە ڕوو بەڕووی ئەم ئەرکانەی خوارەوەین :-

١- خەبات بۆ دەرکردنی گیانی چاوەڕوانی لە نێو جەماوەری کرێکاراندا ، دەست بەکار بوون لە مەیدانی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵە کرێکاریەکان لە کارگە و مەحەڵەو یەکە ئابووریەکاندا و بەرین کردنەوەیان بۆ ئاستی کۆبوونەوەی گشتی کرێکاران . بۆ باسکردنی سەرجەمی وەزع و ڕێکەوتن لەسەر نەخشەی عەمەلی بۆ ئیعتراز و مانگرتن بە دژی هەژاری و چەوساندنەوەی وەحشیانەیان و بێکارکردنیان و بە دژی بێ مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی یان و بە دژی ڕژێمی بەعس و مەشاتەکانی جەنگ و جەنگ خوازی ئەم ڕژێمە .

٢- هەڵسوراوبوون بۆ پێک هێنانی پەیوەندی توند و تۆڵی نێوان ڕابەرانی عەمەلی کرێکاران لەسەر ئاستی شار و ڕێکەوتن لەسەر نەخشەی هاوبەش و داواکاری و شیعارەکانیان و دەست بەکاربوون بۆ وەرخستنی بزووتنەوەی کۆبوونەوە گشتی یەکان لەسەر ئاستی شار، هەڵبژاردنی نوێنەرانی کرێکاری لەم کۆبوونەوە گشتی یانەدا کە پەیوەندی ئیعترازی عەمەلی کرێکاران لە یەکە ئابووریەکان و کارخانەکان و کەرەکەکاندا ڕێک بخات و ڕابەرایەتیەکی مەرکەزی پێک بهێنێ لەسەر ئاستی شار .


٣- هاندان بۆ پێک هاتنی شورای کرێکاری لە گەرەکە کرێکاریەکان و کارگەکان و یەکە ئابووریەکاندا کە ببێتە شێوەیەکی بناغەیی ڕێکخراو بوونی جەماوەری کرێکاران و جێگیر ببێت و بەسەر دەوڵەتدا بسەپێنرێ .

٤- خەبات بۆ یەکەوە ...

...ی کۆبوونەوە گشتی یەکانی کرێکاران
...ە گشتی یەکان و شوورا کرێکاریەکان

...ڕێکخراوەیەکی کرێکاری‌ی سەربەخۆدا،
...نی نفوزی سیاسی‌ و ، مەعنەویان

...مەیدانی ڕێکخستن و ئیعترازی
...ەندا و خەبات بۆ وەلانانی گیانی
...ەتکێشان



٤

٥- خەبات بۆ ئەوەی کۆمیتە و شورا کرێکاریەکان دەست گرن بەسەر کارگەکان و یەکە ئابووری و دەستگا جۆرا و جۆرەکانی دەوڵەتیدا ، دەست بەسەراگرتنی بانک و مەخزەنەکانی شتومەکی بەکار بەردن و بەرهەم هێنان لەلایەن کرێکارانەوە و تەسلیم کردنیان بە شورای کرێکاران لە شارەکاندا .

٦- پەرەدان بە جەوی شۆڕشگێرانە و هەڵچوون و هێرشی تێک شکێنەرانەی کرێکار و زەحمەتکێشانەوە بە دژی هەر حیزب و هێز و تاقمێک کە بیەوێت ڕەوتی ڕووداوەکان هێمن بکاتەوە و گیانی چاوەڕوانی بڕەوێنێ یان ڕێگە بگرێت لە بەردەم هێرشی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشدا بۆ سزادانی تاوانباران. لە کوردستان ئەم مەسەلەیە بایەخێکی گرنگی هەیە بە تایبەت کە هێز و حیزبە قەومیە چەکدارەکانی کوردستان بە ناوی کورد و کورد زمانیەوە ڕێگە بەم جۆرە کارانە دەگرن و تاوانباران لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە .

٧- بەرەو پێش بردنی ڕاپەڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بە ڕووی تەواوی دەستگای دەوڵەتی بۆرژوازیدا و بە ڕووی ڕژێمی بەعسی تاوانباردا ، وەرخستنی ڕاپەڕینی چەکدارانەیان بۆ ڕوخاندن و تەفرو توناکردنی ڕژێمی بەعس و دەوڵەتی بۆرژوازی .


٨- کرێکاران لایەنگری شۆڕشی بێ وچانن ، تا کۆمەڵگە هەرچی ڕیشەیی تر و شۆڕشگێرانەتر ئەم قۆناغە تێ بپەڕێنێ و بواری نەدەرێت لە حاڵەتی ڕوخانی ڕژێمی بەعسدا بۆرژوازی دەسەڵاتی خۆ ڕێکخاتەوە و دەوڵەتی مەرکەزی جێگیر بکاتەوە و حیزب و هێزە سیاسیەکانی بۆرژوازی خۆیان بەهێز بکەن، بەو ئەندازەیەش دەسەڵاتی بۆرژوازی لەسەر ئاستی کۆمەڵگە تووشی لەرزۆکی دەبێت و ڕێگە خۆش دەبێت بۆ هەرچی بەرەو پێش تر چوونی بزووتنەوەی کرێکاری و حاکمیەتی شورا کرێکاریەکان . کرێکاران دەبێ تەهیلن ئەو شۆڕشەی کە دەست پێ دەکات بووەستێ ، ئەو شۆڕشە دەبێ لە قۆناغی یەکەمیدا تەواوی دام و دەزگای دەوڵەتی بۆرژوازی تێک شکێنێ بە سوپای پیشەیی و پۆلیس و ئیستخبارات و موخابرات و هەر هێزێکی چەکداری تایبەتیەوە و بە بیرۆکراسی دەوڵەتی و دادگاکانیەوە ، لە جێگەیدا حکومەتی شورایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەکداربوونی گشتی دابمەزرێنێ تا لەسەر ئەم بنەمایەوە دەسەڵاتداریەتی خەڵک لەسەر بنەمای دیموکراسی شورایی جێ بەجێ بکرێت .

داواکاریە کرێکاریەکان .

تەواوی داواکاریە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیەکانی کرێکاران پێویستە بکرێنە شیعار و خواستە گشتی یەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بەسەر بۆرژوازیدا فەرز بکرێن و وەسیەت و ئانووتیە...یان لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بێ بەدری . هەر ئێستا وەرخستنی بزووتنەوەیەکی کرێکاری سەراسەری بۆ ئەم خواستانە ئەرکی کرێکارانی خەباتگێر و کۆمونیست و ڕابەرانی عەمەلی یە . ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لەو داواکاریانە .

داواکاریە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان .

١- مافی بێ قەید و شەرتی ڕێکخراوبوونی کرێکاران .
٢- مافی بێ قەید و شەرتی مانگرتنی کرێکاران .
٣- ٣٥ سەعات کار لە هەفتەدا بە دوو ڕۆژ پشووی لەسەریەکەوە .
٤- ٤٥ ڕۆژ پشووی ساڵانە بەسەریەکەوە بۆ هەر کرێکارێک جگە لە ئیجازەی پێویست و ئیجازەی نەخۆشی.
٥- دیاریکردنی لانی کەمی کرێ لەلایەن نوێنەرانی هەڵبژاردەی کرێکارانەوە لەسەر بنەمای خێزانی پێنج نەفەری و ڕێژەی گرانی کە گونجاو بێت بۆ ژیانی ئینسانێکی هاوچەرخ .



٣

٨- ریکخستن و رابەرایەتی ئیعترازی کریکاران و زەحمەتکیشان لە کارگە و گەرەك و یەکە ئابووریەکاندا ... و لەسەر ئاستی شار و ناوچەکان بە دژی هەژاری و بەرسیەتی یان، وەری خستنی ئەم ئیعترازانە لە شکڵە جوراو جورەکانیاندا، لە مانگرتن و خوپیشاندان و کوبوونەوە لەبەردەم دەستگا دەولەتیەکان، نەخشەدانان بو هیرش بردنە سەر مخزنەکانی خواردەمەنی دەولەتی و دەولەمەندەکان و دابەش کردنی بەسەر جەماوەری کریکار و زەحمەتکیشاندا .

٩- ئیعتراز بەرووی هەر دەرکردنیك لەسەر کار لەلایەن دەولەت و سەرمایەدارانەوە و بەرز کردنەوەی خواستی « دەرکردن لەسەر کار قەدەغەیە » و فەرز کردنی بەسەریاندا.

١٠- خەبات بو بەرز کردنەوەی خواستی بیمەی بیکاری لە نیو کریکارانی بیکار و زەحمەتکیشاندا و ریکخستن و رابەرایەتی ئیعترازی کریکارانی بیکار و زەحمەتکیشان لەم مەیداندا و پەرەپیدانی پەیوەندی نیوان بزووتنەوە ئیعترازیەکانی بیکاران لەسەر ئاستی شارەکان و ناوچەکان و سەراسەری .

١١- هاندانی کریکاران و زەحمەتکیشان بو فیرارکردن و نەچوون بو عەسکەری و جەیش شەعبی و ریکخستنی ئیعترازیان بەرووی یاساولەکانی رژیمدا و هەلمەت بردنە سەریان .

١٢- پاراستنی ریزی سەربەخوی کریکاران ، شیوەکار و ریکخراوە کریکاریەکان لە چینەداراکان بورژوازی و وورده بورژوازی و روشنفکرانی نارازی ، بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری سیاسی - چینایەتی جەماوەری کریکار .

١٣- ریسواکردنی ئامانج و سیاسەت و ئاسوی بزووتنەوە کومەلایەتیەکانی بورژوازی و حیزب و هیزە سیاسی و چەکدارەکانیان . روون کردنەوەی سروشتی چینایەتی ئەم بزووتنەوانەو دژایەتیان بەرامبەر ئامانج و ئاسو و خواستی کریکاران و زەحمەتکیشان لە نیو جەماوەری هەرچی بەرینتری کریکاران و زەحمەتکیشاندا . لەم بوارەدا دەبی هەرچی لیبراوانەترو بە شیوەیەکی بەرینترو قوولتر ، قومیەت پەرستی وئیسلام و دیموکراتیەتی بورژوازی و پەرلەمانیەت ریسوا بکریت ، ئیصلاحیەتی بورژوازی و لیبرالیزمی نوێش ریسوا کرین و نەعیلیویت ئەم حەرەکاتە سیاسیانە بەر بە چالاکی و هەلسوراوی کریکاران بکرن و کاریگەری لەسەر پەرژو بلاویان هەبی .

١٤- هاندانی چەکدار بوونی کریکاران و زەحمەتکیشان و نەخشەدانان و گفتوگو لە دەورووی کوڕ و کومەلە کریکاریەکان و کوبوونەوە گشتی یەکانی کارگەو یەکە ئابووریەکان و گەرەکەکاندا لەسەر چونیەتی چەکداربوونیان و بەدەستەوەگرتنی ئەو شوینانە . هەر لە ئیستاوە دەست نیشان کردنی نەخشەی عەمەلی بو ئەو کارە و خو ئامادەکردن بوی .

ئەرکەکانمان لە باروودوخی راپەرینی گشتی دا .

١- ریکخستن و پیك هینانی دەست بەجیی شورا کریکاریەکان لەسەر ئاستی کارگەو یەکە ئابووری و کارگوزاریەکان و گەرەك و شارەکاندا و پەرەپیدانیان بو بزووتنەوەیەکی شورایی سەراسەری و مەرکەزی لەتەواوی وولاتدا.

٢- هەول بو پیکهینانی شورایی زەحمەتکیشان و پەیوەست کردنیان بە بزووتنەوەی شورایی کریکارانەوە .

٣- پیك هینانی شورای کریکاران و زەحمەتکیشانی لادی و پەیوەست کردنەوەیان بە شورای کریکارانی شارەوە .

٤- خەبات بو چەکدار بوونی گشتی کریکاران و زەحمەتکیشان ، خەبات بو پەرەپیدان و بەرین کردنەوەی بزووتنەوەی چەکدارانەی کریکار و زەحمەتکیشان و رابەرایەتی کردنی ئەم بزووتنەوە چەکدارانەیە لەلایەن شورا کریکاریەکانەوە .

٥

٦- کرێی یەکسان بۆ ژن و پیاو بەرامبەر بە کاری یەکسان .

٧- تەئمینی بێکاری لەسەر پایەی لانی کەمی کرێ بۆ هەر بێکارێکی سەرووی ١٨ سال .

٨- کاری منداڵان قەدەغەیە و بۆ هیچ کەس نیە کەسێکی خوارتر لە ١٨ سال بخاتە ژێر کارەوە .

٩- دەرکردن لەسەر کار قەدەغەیە .

١٠- زیادەکاری و شەوکاری قەدەغەیە .

١١- فەرق کردنی کرێکاران لەسەر بنەمای نەتەوە و دین و وڵات ... هتد لە تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و لەکارکردن و کرێ و مافەکانی تردا قەدەغەیە .

١٢- هەل و مەرجی کارکردن دەبێ بساوی تەندروستی تەواوی هەبێت ، پەیوەستە مواصەفاتی جیهانی بۆ دوورخستنەوەی خەتەر لەسەر کرێکاران لە شوێنی کاردا ئەنجام بدرێ . دەوڵەت و سەرمایەداران لێ پرسراون لەهەر کارەساتێک کە بەسەر کرێکاردا دێت لە کاتی کارکردندا .

١٣- دابین کردنی خانووی باش بۆ هەموو کەس .

١٤- .......

## داواکارییە سیاسیەکان .

١- ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسی ، ئازادی بیر و باوەڕ و دەربڕین ، چاپەمەنی ، ئازادی کۆبوونەوە ، مانگرتن ، خۆپیشاندان ، .... ئازادی پێک هێنانی هەر جۆرە رێکخراوەیەکی سیاسی و پیشەیی و جەماوەری و رۆشنبیری و ئەدەبی ، .... .

٢- مافی بێ ئەم لاو ئەولای هەر ئینسانێک کە بەشداری راستەوخۆ و ئازادانە بکات لە چارەنووسی سیاسی کۆمەڵ و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دا. کارو باری وڵات لەسەرەوە تا خوارەوە دەبێ لەلایەن ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانی خەڵکەوە بە بەشداریبوونی راستەوخۆی خودی ئەو خەڵکە بەڕێوە ببرێ .

٣- سوپای عیراق و هێزە چەکدارە تایبەتیەکان (لە چەشنی جاشیەتی و جەیشی شەعبی و قوات خاصە ) دەبێ هەڵوەشێنرێنەوە و نەمێنن .

٤- تەواوی دەزگا جاسوسی و سەرکوتکەرەکان ( ئەمن ، ئیستخبارات ، مخابرات ) ,و تەواوی دادگا نهێنی و تایبەتیەکان دەبێ هەڵوەشێنرێنەوە ونەمێنن .

٥- جیایی دین لە دەوڵەت . هیچ دینێک نابێ بە دینی رەسمی وڵات بناسرێ . هەموو کەسێک ئازادە هەر جۆرە دینێک هەڵبژێرێت یان بێ دین بێت .

٦- مافی دیاریکردنی چارەنووس ، مافی بێ ئەم لاو ئەولای هەر میللەتێکە . میللەتی کورد دەبێ ئازاد بێ لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیدا بەهەر شێوەیەک ، بە جیابوونەوە وپێک هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ یان یەکێتی ئازادانە لەگەڵ میللەتەکانی تری دانیشتووی عیراقدا .

٧- ژنان لەهەموو مەیدانێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ، لە مەیدانی بەرهەم هێنان ، خێزان ، وە لەهەموو مەیدانێکی ئابووری و سیاسی و رۆشن بیریدا دەبێ لەگەڵ پیاوان مافی یەکسانیان هەبێ .

٨- بەردانی دەستبەجێ ی هەموو زیندانیانی سیاسی . هیچ کەس نابێ بەهۆی سیاسی بوونیەوە یان لە ژێر ناوی تێکدانی ئاسایشی دەوڵەت و تەخریب دژی دەوڵەت بگیرێت .

٩- هەموو کەس دەبێ ئازاد بێ چەکی هەبێ و چەک هەڵبگرێ .

١٠- کۆچ پێ کردنی زۆرە ملێ ی خەڵک ، بە تاک تاک بێ یان بە کۆمەڵ ، قەدەغەیە . هەموو کەس بۆ هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێ بوونی خۆی و سەفەر بۆ هەر شوێنێک بە تەواوی ئازادە، هەر کەس خۆی و شوێنی ژیانی دەبێ پارێزراو بێت لەهەر دەست درێژییەک و ئیهانەیەک .

١١- .......

ئازادی ، یەکسانی ، حکومەتی کرێکاری

رەوتی کۆمۆنیست

١٦/ کانوونی دووەم / ١٩٩١ز

چاپی دووەم / ئازاری ٢٠٢٣  ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق